ئەگەر جلتان پۆشی، وئەگەر دەستنوێژتان گرت، ئەوا بە لای ڕاست دەست پێبکەن

لە ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «ئەگەر جلتان پۆشی، وئەگەر دەستنوێژتان گرت، ئەوا بە لای ڕاست دەست پێبکەن».

[صەحیحە] [ئیبنو ماجە گێڕاویەتیەوە - تورموذی گێڕاویەتیەوە - ئیبنوداود گێڕاویەتیەوە - ئەحمەد گێڕاویەتیەوە]

ئەم فەرموودەیە باس لە موستەحەبی (سونەتی) دەستپێکردن بە لای ڕاست دەکات، کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: (ئەگەر جلتان پۆشی) واتا: ئەگەر ویستتان جل بپۆشن، و(ئەگەر دەستنوێژتان گرت) واتا: ئەگەر دەستانکرد بە کردەوەکانی دەستنوێژگرتن. (ئەوا بە لای ڕاست دەست پێبکەن) بۆیە سەرەتا دەستی ڕاستی دەکاتە نێو قۆڵەکانی کراسەکە (قەمیسەکە) وبۆ پانتۆڵ وشەڕوالێش بە هەمان شێوە، ودەستی وپێی ڕاستی سەرەتا دەشۆرێت پێش دەستی چەپی لە کاتی دەستنوێژدا، وڕوونە هەندێک لە ئەندامەکان سونەت نیە بە لای ڕاست دەستپێبکرێت وەکو گوێیەکان، وناو لەپەکان، وڕوو بەڵکو بە یەکجار دەشۆردرێن بە چەنگی ئاوی هەردوو دەست، ئەگەر نەیتوانی هەردوو دەستی بەکاربهێنێت ئەوا بە یەک دەست ئاساییە.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/3356